**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە ٧٧٥٤ لە ٢٠٢٢/٦/٢١**

**بڕیاری گومرگی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە ماددەکانی (١١٧،١١١،١٠٧،١٠٢،٨٣) لە یاسایی گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەمواركراو ، ڕێنمایی هاوبەشی (وەزارەتی ناوخۆ ، وەزارەتی دارایی و ئابووری ) ژمارە ٢٠٢١/٧ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١- گۆڕانکاری لەخاڵی (١)ی بڕیاری گومرگی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەکرێت و داڕشتنەوەی بەم شێوەیە :- دامەزراندنی کۆمەڵگای چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل ژمارە (١) لە (ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لە سەر پارچە زەوی ژمارە(١/١/ و ١١/١ کەرتی ٨٠ی هیتیان ) بۆ کۆگاکردن و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لەلایەن کۆمپانیای (قمة المروج).

٢- ئەم بڕیارە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەخرێتە بواری جێبەجێ کردن .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١٢٠٦٢ لە ٢٠٢٢/٦/٦**

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هێنانە کایەی قەزای (حاجی ئاوا)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی(٢٦) (بڕگەی یەکەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو ، و ئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١١٢) لە ٢٠٢٢/٤/٢١ و فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە (١٢٨٠) لە ٢٠٢٢/٥/٢٢ ونووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٧٢٢) لە ٢٠٢٢/٣/١٧ و دوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٤٦٦٤) لە ٢٠٢٢/٢/٢٢ سەبارەت بە هێنانەکایەی قەزای (حاجی ئاوا) و نووسراوی ئیدارەی ڕاپەڕین ژمارە (١٩) لە ٢٠٢٢/١/١٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا :

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (**حاجی ئاوا**) لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بەپێی نەخشەی هاوپێچی نووسراوەکانی سەرەوەمان

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**